ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی
کوردستانی عراق
مەکتەبی تنفیذی

# دەستورو گورینەکانی

وەکو لە کوبونەوەی چوارهەمی ئەنجومەن
لە ٢٣ / أیلول / ١٩٦٨ پەسند کرا

## بەناوی خواو بەناوی گەلی کورد

# دەستوری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عراق

عراق پێك دێت لەدوو نەتەوەی رئیسی کەبریتین لەنەتەوەی عەرەبو نەتەوەی کورد لەگەل کەمایەتیەکانی تورکمانو ئاسوریو ئەرمەنیو کەمایەتیەکانی تر .

ئەو نەتەوەو کەمایەتیانە یەکیەتی قەوارەی عراق پێك دێنن . بۆئەوەی بناغەیەکی پتەو دابنێین بۆپەرەسەندنێکی طبیعیئەودوو نەتەوە رئیسیەکەعەرەبو کوردن بۆبەهێز کردنی برایەتیویەکیەتی ئیختیاری لەنێوانیاندا، بەراوردوو ڕابردوی خۆمانو گەلان پێویستی دەکات کە کۆماریعراق کۆمارێکیدیموکراتیودوور لەهەموجۆرەچەوسانەوەیە ـکی نەتەوەییوئاینی بێو دانینابێت بەمافی عادلانەی گەلی کوردا لەسەر ئەساسی حکمی ذاتی بۆ کوردستانی عراق .

ئەوحکمیذاتییەی گەلی ئێمە خەباتیبۆدەکات لەکۆماریعراقدا ممارسە کردنی مافی خۆیەتی بەسەربەستی لەڕووی[اداری]وپاراستنی [ هێمنی ناوخۆ = الامن الداخلی ] و [زانیاری]ونەخشە کێشانی [ئابوری اقلیمی = تخطیط الاقتصاد الاقلیمی] و بەشدار بوون لە دەزگاکانی دەولەتی عراقدا .

دەزگای حوکمیذاتی [ دەستەبەری ] جیبەجی کردنی بریارەکانی حکومەتی مرکزی ئەبێت لەڕووی [ بەرگری نیشتمانی = الدفاع الوطنی ] و کاروباری دەرەوەی عراق و دارایی لەگەڵ [ نەخشەکانی ناوەندی = التخطیط المرکزي ] و پێویستە لەسەر حکومەتی ناوەندی کە یارمەتی [ مادی و ئەدبی ] دەزگای حوکمی ذاتی بدات بۆ نەهێشتنی هۆکانی دواکەوتنی گەلی کورد، هەروەها هەموو پێویستیەکانی [ پەرەسەندن = التطور ] بۆ گەلی عراق بەگشتی جیبەجی بکات .

شۆرشي گەلی کورد لەئەنجامی چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە بەرپا بووە بۆ پاراستنی بوون و مافی نەتەوایەتی نەتەوەکەمان ، کەواتە سوپای شۆرشگێری کوردستان قەڵغانی پاراستنی بوونی ( وجود ) هەرەشە لێ کراوی کوردە .

لەگەڵ ئەمەشدا سوپای شورش گیری کوردستان مل کەچی هەموو ڕیکەوتنێکی نێوان سەرکردایەتی گەلی کورد و حکومەتی مرکزیە ، ئەوەش بلێین کەلە دروست کردنی سوپای شورشگیر مەبەستمان دامەزراندنی دو دەسەڵات نیەلە عراقدا هەروها لەنیازماندا نیە کوردستانی عراق لەعراق جوێ بکەینەوە بەلکو واقعی لەبەر چاوو ئەورۆژگاری کورد رووبەروی بووە لەئەنجامی هێرشی زالمانەی حکومەتی مرکزی دا، بوتە هۆی دروست بونی سوپای شۆرشگێری کوردستان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هاونیشتمانەکانمان لەوشوێنانەی حکومەتی مرکزی دەزگای اداری لێ کشاندۆتەوە . بەمهۆیەوە پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت کەبلێین هەر [ یەکبون و یەکیەتیەك = الوحدة والاتحاد ] لە نێوان دەولەتی عراق و هەرهەرێمێکی عەرەبیدا ڕوبدات پێویستە گەلی کورد ئاگادار بکرێت و رای وەرگیرێت لەورووەوە ، گەلی کوردیش وەك گەلی عەرەب لەدەولەتی تازەدا تطور بکات .

بەپێچەوانەی ئەمە گەلی کورد ناچار ئەبێت بۆ دۆزینەوەی



ڕێگای پاراستنی ماف و سەربەستی و بەختیاری و پێش کەوتنی خۆی .

گەلی کورد کەخەبات دەکات بۆبەدەست خستنی مافی شەرعی خۆی ، بێ گومان پالپشتی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئاینیەکانی نیشتەجێی کوردستانی عراقیشە بۆسەلماندنی ئەمراستیە لەمدەستورەدا اقرار ئەکات بەوەی کە ، کەمایەتیە نەتەوەیی و ئاینیەکانی نیشتە جێی کوردستان بۆیان هەیە [ مومارەسەی ] مافی ثقافی و ئیداری و ئاینی و دیمکراتیان بکەن وەك رۆلەکانی نەتەوەی کورد .

لەبەر رووناکی بڕوامان بەراستی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی باسمان کردو لەبەر رووناکی شەرعیەتی داواکانی شۆرشی کورد کەلە ١١ ئەیلولی ١٩٦١ دا بەرپا بوو وە پێویستی بوونی سەرکردایەتیەکی منظم و هەڵقوڵاو لەناو جەرگەی گەلی کوردەوە بۆ گرتنەئەستۆی قیادەی شۆرش و دانانی یاساو ریکخستن و بەڕێوە بردنی کاروباری کوردستانی عراق لە ڕووی [ سیاسی ] و [ سوپایی ] و [ ئابوری ] و [ ئیداری ] و [ دادپەروەریی ] و ڕووەکانی کەوە ، ئیمەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی کوردستانی عراق لەڕۆژی ٩/١٠/١٩٦٤ لە [ بۆسکێن ] پشت بەخوا ئەم دەستورەمان دەرکرد و مۆرمان کرد :

## مادەی یەك :ـ

ئەم ئەنجومەنە ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی کوردستانی عراقە .

## مادەی دو :ـ

ئەنجومەن بەرزترین دەستەڵاتە لە شۆرشدا .

## مادەی سی :-

ئەنجومەن نەخشەی سیاسەتی گشتی شۆرش دەکێشی‌وئامانجی دیاری دەکا ، ئەو یاساو پێرەوی یانەدائەنێ کە پەیوەندی هەیە بە کاروباری [سوپایی] و [ئابوری] و [ ئیداری ] و [ داوپەروەریی ] و [پەروەردە] و [لەش‌ساغی] یەوە لە کوردستانی عراقدا .

## مادەی چوار :-

ئەنجومەن پێك دێت لە :

أ ـ ئەندامانی کومێتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان .

ب ـ فەرماندەی هێزەکانی سوپای شۆرشگێری کوردستان .

ج ـ نوێنەرانی براعیسایی [المسیحیین] یەکان .

د ـ نوێنەرانی بەشەکانی گەلی [ القطاعات الشعبیة ] ی میللەتی کورد .

هەروەها گەورەپیاوان‌ونوێنەرانی پارتیەکان‌ونەتەوەکانی تری عراق بۆیان هەیە ببن بەئەندام لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش‌دا ئەگەر بەشداری ئیش کردن بن بۆ ئامانجی شۆرش بەمەرجێك ئەم ئەنجومەنە پەسەندیان بکات .

## مادەی پینج :-

سەروکی ئەنجومەن لەلایەن ئەنجومەنەوە هەلّدەبژێردریت بەئەکثریەتی مطلق ، سەروك سەرکردەی گشتی شۆرشە .

## مادەی شەش :-

ئەنجومەن سالی جارێك کۆ ئەبێتەوە .

هەرکاتێ سەرۆکیان مەکتەبی تەنفیذی یان بەشی زۆری ئەندامانی ئەنجومەن بەپێویستیان زانی ئەنجومەن کۆ دەبێتەوە .



## مادەی حەوت :-

١ـ بە ئامادە بوونی بەشی زۆری ئەندامانی ئەنجومەن کۆبونەوە دروستە ، واتە [ نصاب ] پێك‌دیت .

٢ـ لەکاتێکا ظروف نالەبار بێت بۆکوبونەوەی ئەنجومەن مەکتەبی تەنفیذی تا ماوەی (٦) مانگ دەسەلاتي ئەنجومەنی هەیە .

## مادەی هەشت :-

١ـ لە ئەنجومەن مەکتەبیکي تەنفیذی پێك دێت لە (٩) ئەندامی ئەنجومەن جگە لە رەئیس کە ئەنجومەن بە دەنگ‌داني نهینی هەلّیان ئەبژیرێت .

٢ـ پێویستە لەسەر ئەندامی مەکتەبی تەنفیذی خۆی‌تەرخان بکات بۆ ئیش‌وکاری مەکتەب .

٣ـ کاروباری مەکتەبی تەنفیذی لەلایەن سکرتیری‌مەکتەبەوە چاودێری دەکرێت کە ئەندامانی مەکتەب هەلّی ئەبژێرن لەناو خۆیاندا .

## مادەی نو :-

جێ بەجێ کردنی ئەونەخشەو یاساو پیرەوو ئەرکانەی ئەنجومەن کەئەکێشرین بوشورش لە ئەستۆی مەکتەبی تەنفیذیەو مەکتەبی تەنفیذی راستەوخۆ مەسئولە لەبەردەمی ئەنجومەندا .

## مادەی دە :-

أ ـ ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ڕاوێژکەر (مشاور) ی دەزگا جۆربەجۆرەکانی شۆرشن . پێویستە لەسەر کاربەدەستانی شۆرش کەلّك لەئەندامانی ئەنجومەن وەربگرن لەسنوری چالاکیاندا بو پرس‌و را پێ کردنیان .

ب- بۆ دەزگاکانی خواروی شۆرش نیە اجراءات بکات بەرامبەر بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شـۆرش . لەکاتی تاوان کردنی ئاشکرادا نەبێت واتە [ في حالة الجرم المشهود ] .

ج- لەکاتێکا ئەندامێکی ئەنجومەن دژی بەرژەونـدی شـۆرش بجولیتەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شـۆرش یان مەکتەبی تەنفیذی ئەم سزایانەی ئەدات :-

١- سەرنج راکیشان = الفات نظر .

٢- انـذار .

٣- وەستاندنی لەئیش = التجمید .

٤- دەرکردن .

٥- هەر ئەندامیکی ئەنجومەن لەسەری اثبات بـوو خیانەتی کردوە لەشـۆرش ، ئەدرێت بەدادگای بەرزی شۆرش بۆ سزادانی .

## مادەی یازدە :-

١- هەتا دوو لەسێی (٢/٣) ئەندامـانی ئەنجومەن رەئی نەدەن ئالۆگۆڕ لەم دەستورەدا ناکرێت .

٢- بۆ زیادوکەم کردنی ژمـارەی ئەندامـانی ئەنجومەن دوولەسێی (٢/٣) دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن پێویستە .

٣- ئەگەر بەرژەوەندی شـۆرش پێویستی بەزیادو کەم کردنی ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیذی کرد پێویستە دوولەسێی ٢/٣ ئەندامانی ئەنجومەن دەنگ بدەن بۆ ئەو کەموزیاد کردنە .

## مادەی دوازدە :-

سەروك ئەم دەسەڵاتانەیشی هەیە جگە لە دەسـەڵاتەکانی کە لە



بەندەکانی کە دا نوسراون :

١- سەرکردایەتیی کۆبونەوەکانی مەکتەبی تەنفیذی دەکات.

٢- نوێنەرو کاربەدەستانی سوپای شۆرشگێری کوردسـتان دادەنێو لادەبا پاش ڕاوێژ کردن لەگەڵ مەکتەبی تەنفیذی .

٣- تصدیقی یاساو بریارەکانی ئەنجومەنی سـەرکردایەتیو مەکتەبی تەنفیذی دەکات .

٤- پاش موافقتی بەشی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاری دەستپێکردنەوەی شەڕو وەستانی شەڕو ڕیکەوتن ئەدات .

٥- هیچ کەس اعدام ناکرێت پێش تصدیق کردنی حکم لە لایەن سەرۆکەوە ، کە بۆی هەیە سزای اعدام بگوڕیتو سـزاکانی کە کەم بکاتەوە .

٦- لەکاتیکا سەرۆك لە کوردستان نەبێت یـان نەتوانیت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات بەهەر هۆیەکەوە بێت مەکتەبی تەنفیـذی دەسەڵاتی سەروکی هەیە .

٧- بە هەر هۆیەکەوە جیگای سەرۆك چۆڵ ببێت مەکتـەبی تەنفیذی ئیشوکاری دەکات تا سەرۆکیکي نوێ هەڵدەبژێردرێت لە ماوەیەکدا کە لە سێ (٣) مانگ تێ نەپەڕێت .

## مادەی سیازدە :-

ئەنجومەن هەلناوەشیت [حل] تا دولەسێی (٢/٣) ئەنـدامانی ئەنجومەن دەنگ نەدەن بۆ هەلوەشانی .

## قضـاء

١- دادگاکانی کوردستان سەربەخۆیی تەواویان هەیە لە ئیشوکاریاندا .

٢- پێویستە لەسەر مەکتەبی تەنفیذیو سەرچاوە بەرزەکانی قضاء چاودێریوپشکنینی دادگاکان بەتوندی بگرن تاکو یاسا بەرپێکو پیکی تطبیق بکرێتو مافی هاوولاتیەکانمان بپارێزریتو دادپەروەری بلاو ببێتەوە .

٣- لە دادگاکاندا احکامی قانونی عقوباتی بغدادیو اصولی محاکماتی جزائی بەگشتی تطبیق ئەکرێت . بۆئەو تاوانانەی دژی شۆرش دەکرێت ئەحکامی بابی [ دوازدە ] وە [ بیستو سێ ] لەقانونی ناوبراو تطبیق دەکرێت ، چونکە دەسەلاتی شورشی کورد جێ گرێ دەسەلاتی دەولەتی عراقە لە ناوچە رزگار کراوەکاندا .

٤- دادگاکانی کوردستانیش وەك دادگاکانی دەولەتی عراق احکامی قانونی مەدەنی عراقیو اصولی مرافعاتی حقوقیو تجاری تطبیق ئەکات لە قضایای مدنیدا .

٥ - لەدادگاکانی کوردستاندا [ئەحوالی شەخصی] تطبیق دەکرێت ئەوداوایانەی لەقانونی ناوبراوانیە بەپێی[شەریعەتی پیرۆزی اسلام] وبەپێی ظروف کۆتایی پێدێنرێت .

٦ - مسائل شەرعی لەلایەن قاضی شەرعەوە سەیر دەکرێت .

٧ - مەکتەبی تەنفیذی بۆی هەیە دادگای تایبەتی دابنێت لەکاتی پێویستدا .

٨ - پلەی دادگەکان = دادگا لەکوردستاندا سێ پلەیە :-

أ - دادگای حاکمی منفرد : مسائلی شەرعیو حقوقی دەبینیت ئەگەر قاضی شەرع نەبو لەومنطقەیە هەروها ئەوداواجزائیانەش دەبینێت کە سزایان لە دووساڵ تێناپەرێت ، دەسەلاتی حاکم جزای درجە یەکو حاکم بدائی غیر محدودەشی هەیە لەهەمان کاتدا حاکم تحقیقیشە .

ب- دادگاکانی بەرز = المحاکم الکبری : پێك دێت لەسێ حاکم بەمەرجێ رئیسو یەکی لەئەندامان حقوقی بن ، دەسەلاتی



سەیر کردنی ئەو داوایانەی هەیە کەسزایان لەدوو ساڵ زیاترە، دەسەلاتی محکمەی استئنافیشی هەیە بەرامبەر بەو داوایانەی دادگاکانی حاکمی منفرد دیویانە .

ج- دادگای یەکلایی کردنەوە = محکمة التمییز :

دادگای یەکلایی کردنەوە بەرزترین دەسەلاتی قضائیە لە شۆرشی کوردستاندا ، بەلای کەمەوە پێك دێت لەسێ ئەندام کە مەکتەبی تەنفیذی تەرشیحیان دەکات ، لەمسائلی شەرعیدا رەئیسی دادگای یەکلایی کردنەوە (تمییز) ئەندامێك یان زیاتر اضافە ئەکات لەو کەسانەی کە شارەزاییو بەراوردیان هەیە لە مسائلی شەرعیدا . دادگای تمییز یەکسەر بەستراوە بەمەکتەبی تەنفیذیەوە .

٩- بۆ رێكخستنی کاروباری تری قضاء مەکتەبی تەنفیذی پەیرەوو ئاموژگاری دەر دەکات .

## کاروو باری بەریوەبەرایەتی ( ادارة )

ئەنجومەنی سەرکردایەتیشۆرش یانمەکتەبی تەنفیذی لەکاتیپێویستدا پەیرەوو ئامۆژگاری تایبەتی دەردەکاتبۆرێكخستنیکاروباری ئیدارە لەکوردستاندا .

## دارایی

١- بۆرێك خستنی کاروباری دارایی لەکوردستاندا لە مەکتەبی تەنفیذی بەشێك پێكدێ بەناوی بەشی [داراییناوەندی] ، بۆ رێکخستنیدارایی کوردستانو ضبط کردنیوارداتی شۆرشو گەشەکردن بەوارداتودیاری کردنی رووەکانی صەرف کردنی سامانی شۆرش . ئەمبەشە پەیرەوو ئامۆژگاری پێویست دەرئەکات بۆئەم مەبەستە .

٢- بەشی مالی لێژنەیەکی تایبەتی خاوەن خبرەدائەنێت بۆ دەرس کردنی مەوزوعی زەوییەکانی أمیری واصلاحی زراعیوئەو زەویانەی دەستی بەسەردا گیراوە ،بۆئەوەی رێگایراست دابنرێ بۆســود لێوەرگرتنیان بەشێوەیەك کەبەرژەوەندی

شورش‌و رۆله‌کانی گه‌ل وه‌به‌تایبه‌تی چه‌وساوه‌کان له‌به‌رچاو بگری .

## «کاروباری سوپاسی»

ڕێکخستن‌و ئاراسته‌یی سیاسی ناوخۆو ده‌ره‌وه‌ی شۆرش له‌ژێر چاو ـ دێری فه‌رمانده‌ی گشتیدا ،له‌ئه‌ستۆی مه‌کته‌بی سیاسی‌پارتی‌دیمکراتی کوردستان‌و مه‌کته‌بی ته‌نفیذی‌یه .

## «کاروباری سوپایی»

له‌مه‌کته‌بی‌ته‌نفیذی به‌شێك پێك‌دێت‌به‌ناوی به‌شی[سوپایی‌یه‌وه] ڕێکخستن‌و ئاراسته‌کردن‌و پێشخستنی سوپای شۆرشگیری کوردستان له‌هه‌مو ڕوێکه‌وه له ئه‌ستۆی ئه‌م به‌شه‌یه ،هه‌روها ئه‌م به‌شه پاش‌ڕاوێژ کردن له گه‌ل مه‌کته‌بی ته‌نفیذی‌و سه‌رفه‌رمانده‌ی گشتی شۆرش‌پیره‌وو ئامۆژ گاری پێویست ده‌رده‌کات بۆسوپای شۆرشگیری کوردستان .

## «خزمه‌تی کومه‌لایه‌تی»

شۆرش هه‌موو توانای ئه‌خاته‌کار بۆ په‌ره پێدان به‌خزمه‌تی کۆمه‌لایه‌تی له‌رووی له‌ش ساغی‌وزانیاری‌و په‌روه‌رده‌وخزمه‌ته‌کانی که‌ی کۆمه‌لایه‌تی بۆ هاونیشتمانیه‌کانمان له‌کوردستاندا له‌ریگه‌ی به‌شی خزمه‌ت کردنی کۆمه‌لایه‌تی مه‌کته‌بی ته‌نفیذیه‌وه ، به‌شی خزمه‌ت کردنی کۆمه‌لایه‌تی مه‌کته‌بی ته‌نفیذی پێش خستن‌و تطور کردنی خزمه‌تی کۆمه‌لایه‌تی له‌ئه‌ستۆیه .

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی
شورشی کوردستان